## گۆران محمد بۆ لێدوان

# لە کوردستان هێزی سێهەم نیە، ئەگەر هەبێت هەر ئیسلامیەکانن، بەش بە حاڵی خۆم هەموو ئیسلامیەکی سیاسی بە بۆمبێکی تەوقیتکراو دەزانم



**ئا: هەڵۆ مەرگەیی**

کێ لەم هەرێمەی ئێمەدا ( حکومەت، حیزب، کولتور ) کامیان حوکم دەکات ؟

و : ئێمە میللەتێکی کولتوورلێسین، بێ کولتووری بە هەموو ژیانمانەوە دیارە، میللەتێکی بێسەروبەری بێ روخسارٍ و فشەکەرین، تۆ سەیرکە چی دەڵێین و خۆمان چین: دونیامان بە باسی دیموکراسی کاس کردووە و ئەستەمە تا سەد ساڵی تر هەڵبژاردنێکی ئازاد لەم هەرێمەدا بکەین، لە هەموو شتێ زیاتر باسی مافی ژن و یەکسانی دەکەین و لە هەموانیش زیاتر ژن دەکوژین؟ ئازیزم ئێمە تا ئێستا نازانین سەرە بگرین یان بە رێدا برۆین و بەڵغەم فرێ نەدەین. پیاوی وڵاتی ئێمە باسی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات و کە دەستی بەتاڵ دەبێ لە هەر کوێیەك بێت یاری بە گونی دەکات، بچۆ بۆ ئاودەستی مزگەوتەکان ئینجا دەزانی ئێمە کێین، چەشنی ئاژەڵ کەس ئاو بە دوای خۆیدا ناکات، ئێمە لەوانەیە جلی خاوێن بپۆشین، بەڵام دەرپێکانمان بۆگەنە.

جا میللەتێك ئەمە بێ حزبی چییە و حکوومەتی چییە؟ خۆ حزب و حکوومەت لە مەریخەوە نەهاتوون چاوەکەم، حزبێك لەم میللەتەوە دەرچێ لەم حزبانەی ئێستا باشتر نابێ، حکوومەتێکیش لەم حزبانە دەرچێ لەوەی ئێستا چاتر نابێ، باوەڕ ناکەم تۆش ئەوەندە ساکار بیت پرسیار بکەی ئاخۆ لە کوردستاندا کێ دەسەڵاتدارە؟ لە کوردستانیشدا وەك هەموو شوێنێکی دونیا پارە دەسەڵاتدارە، ئەگەر پارەی دونیا پەرت و بڵاو بێت، ئەوە حزبی کوردی هەرگیز دەرفەتی نەداوە کەس دینارێك پەیدا بکات بێ ئەوەی ئەم چوار بخاتە باخەڵییەوە.

پ: کاریگەری یان نەخشی رۆژنامەو ( سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان ) لەسەر خەرمانی خەباتی ئەو خەڵکە چین، لەکاتێکدا ئەمانە هەموویان بەتەسکیەو پسولەی حیزبی دامەزرێندراون و دادەمەزرێندرێن، تۆ چی بەنێوانی بوون و نەبوونیانەوە دەبینی؟..

و: کاکە گیان تۆ پرسیارەکەت لێکردووم و بەر لەوەی من هەناسە بکێشمەوە خۆت وەڵامیشت داوەتەوە، ئەی ئەوە نییە خۆت دەڵێی ئەوان بە پسوولەی حزب لە سەر کورسییەکانیان دانیشتوون؟ حزبی کوردی لەم سەردەمەدا ئەو حزبانە نین کە سەردەمانێك خەباتکاری شاخ و شۆرشگێر بوون، ئێستا خۆیان و خاوخێزان و نەوەیان بوونەتە کاسبکار و بازرگان. حزبی کوردی لە هەڵامەت دەچێ و کەس قوتار ناکات. لە مێش دەچێ و بە هەموو کەسێکەوە دەنیشێتەوە، لە تەپ و تۆز دەچێ و لە هەموو شوێنێك هەیە، هیچ سەندیکا و کۆمەڵەیەك نادۆزیتەوە ملکەچ و سەرشۆری حزب نەبێ. حزبی کوردی هاوزەمان زیندانی نهێنی و رێکخراوی مافی مرۆڤی هەیە، سەنتەری بەناو دیراسات و مەکتەبی کۆمەڵایەتیشی هەیە. حزبی کوردی هاوزەمان مەلا و قومارچی تێدا ئەندامن. تۆ بۆ دەتەوێ سەندیکای رۆژنامەنووسان لە هی مەلا یان جوتیار یان چی و چی تر جیاواز بێت، سەندیکای رۆژنامەنووسان نزیکەی چوار هەزار ئەندامی هەیە کەچی چوار رۆژنامەی پرفرۆش لە کوردستاندا نییە، سەندیکای رۆژنامەنووسانیش لیتاوێکی ترە لەم وڵاتە بە قورگیراوەدا.

**کارەبا نییەو وەزیری هەیە، مافی مرۆڤ نییەو وەزیری هەیە، داد نییەو وەزیری هەیە، کشتوکاڵ، پیشەسازی هیچیان نین و وەزیریشیان هەیە**

پ: هەندێك لەوباوەڕەدان هێزی سێهەم یان حیزبی سێهەم دیاردەی گەندەڵی و فەسادی کۆمەڵایەتی بنەبردەکات، تۆ لەو بارەوە دەڵێی چی؟

و: ئەزموونی فەلەستین وا ناڵێ، ئەوە نەبوو لە تاو گەندەڵی عەرەفات و دارودەستەکەی، خەڵك دەنگی خۆیان بە هێزی سێیەم کە ئیسلامییەکان بوو دا؟ چییان بەسەر هات؟ کار گەیشتە ئەوەی هەزار جار مەمنوونی گەندەڵچییەکانی پێشوو بن، بە من ناڵێی لە کوردستاندا هێزی سێیەم کێیە؟ ئەگەر هەبێ هەر ئیسلامییەکانن، بەش بە حاڵی خۆم هەموو ئیسلامییەکی سیاسی بە بۆمبێکی تەوقیتکراو دەزانم، هەڵبەت باسی باوەڕداران ناکەم کە ئاینیان لە نێوان خۆیان و خوایە، ئەوانە دەڵێم کە بە ئاین سیاسەت دەکەن، میانڕەو بن یان توندڕەو هەر یەکەیان بە بۆچوونی من بۆمبێکی تەوقیتکراوە، مەسەلە کاتە و رۆژێك هەر دەتەقنەوە. بۆیە هێزی سێیەم ئەگەر ئیسلامییەکان بن، ئەوە هیچ ئاسۆیەکی گەشیان بۆ کوردستان پێنییە.

پ: ١١١ کورسی پەرلەمان و ٤٢ وەزیرو ١٧ ساڵ حوکمڕانی خۆجێی یەکسانن بەچی؟

و: دەکرا یەکسان بن بە زۆر زیاتر لەوەی ئێستا هەیە، بەڵام کاکی خۆم پەرلەمانی کوردستان ئەوەندەی مەعیدەی تێدایە ئەوەندە عەقڵی تێدا بوایە ئێستا چەند هەنگاوێك لەولا سویسراوە دەبووین، پەرلەمانتاری کورد دەڵێی لە غەزایە، ئەوەندەی خەمی پارە و ئیمتیازاتە چارەکێکی ئەوە لە خەمی وڵاتدا نییە، حزبی کوردیش کەسانێك رەوانەی پەرلەمان دەکەن کە بتوانن وەك ئەو قەرەقۆزانەی بە پەت هەڵدەسوورێندرێن یارییان پێ بکەن، خەڵکێك دەنێرنە پەرلەمان کە لە ساتەکانی یەکەمی گەرمترین دانیشتنەوە باوێشك دەدەن و خەو دەیانباتەوە، پەرلەمانی کوردستان مەجلیسی ئەشهەدوبیلایە، دەستەکانی پەرلەمان بە فیکەیەك هەموویان لە ئاسمانن، پەرلەمان شوێنێکە بۆ رازیکردنی ئاغا و ماغا و لێکەوتە. تاقە یەك ئومێدیشم بەم پەرلەمانە نییە، مەعیدە تەنیا داوای خواردن دەکا و بیر ناکاتەوە، پەرلەمانی ئێمەش پڕە لە مەعیدە و لەوێ ئەزمەی عەقڵە.

چل و دوو وەزیری چی؟ تۆ دەزانی چەند شت لە کوردستاندا نین و وەزیریان هەیە؟ وەرە با بۆت بژمێرم، کارەبا نییە و وەزیری هەیە، مافی مرۆڤ نییە وەزیری هەیە، داد نییە و وەزیری هەیە، کشتوکاڵ، پیشەسازی هیچیان نین و وەزیریشیان هەیە، لە گوندەکانی کوردستاندا بەیانیان ماستی تورکی دەخورێت کەچی وەزیری کشتوکاڵ شەرم ناکات، هەر چۆلەکە و کۆتر سوود لە تەلی کارەبا دەبینێ کەچی وەزیری کارەبا ناچێتە ماڵەوە، باوەڕت بێت وەزیری ئەوقاف پیاوێکی ئەوەندە سەلار و سەنگینە پێت سەیرە نەکراوەتە وەزیری رۆشنبیری، بەزییم بە سەرۆکی حکوومەتدا دێتەوە، من بخەنە جێ ئەو لە داخی ئەو چل و دوو وەزیرە داوای لجوئی ئینسانی لە سوید دەکەم.

پ: ئەو کاتەی گەنجان گەنجێتی لەدەست دەدەن، شتێك دەمێنێ بەم خاکە بیان بەستێتەوە؟..

**کورە مەسئول هەبوە لەیەك شەودا سەد بوتڵ شامپانیای لە قاتی سەرەوەی شیراتونی هەولێردا شکاندوە**

و: نیشتمان ئەو شوێنەیە کە بەختەوەرت دەکات، بەرپرسانی کورد قسەی زل و رەفتاری بچووکیان هەیە، گەنجی کورد دڵی بە چی خۆش بێ؟ مووچە بەشی ئەوە ناکات گەنجێك یەك شووشە بۆن بۆ خۆشەویستەکەی بکرێت ئیتر ماڵ و ژیان چۆن پێکەوەدەنێت؟ تۆ دەزانی کورە مەسئوولٍ هەبووە لە یەك شەودا سەد بوتڵ شامپانیای لە قاتی سەرەوەی شیراتۆنی هەولێردا شکاندووە؟ نەك لەبەر ئەوی ئەو پیاوە بێت بیانخواتەوە، هەر بۆ خۆبادان بووە. وەرە دەیان منداڵی لووسکەڵەی عەقڵ پووچت نیشان بدەم کە هەر مانگەی ئۆتۆمبیلێکیان پێیە، هەزاران گەنجیشت نیشان دەدەم کە پارەی پاکەتێ پاینیان پێ نییە. گەنجێك

**حزبی کوردی لە هەڵامەت دەچێو کەس قوتار نابێت، لە مێش دەچێو بە هەموو کەسێکەوە دەنیشێتەوە لە تەپو تۆز دەچێو لە هەموو شوێنێك هەیە**

عانە لە باخەڵیا نەبێت و بە بەر چاوییەوە کورە مەسئوولێك بە دەفتەر تەخشان و پەخشان بکات ناهەقییەتی ئەگەر هەزار تف لەم وڵاتە بکات و سەری خۆی هەڵگرێ؟ ئەگەر ئەم پرسیارە لە من بکەی دەڵێم هەزاران جار هەقییەتی.

پ :تۆ پێت وایە نیوەی هەڵسوکەوتو ئاکارو کردەوەو کاردانەوەی پێکهاتە جیاوازەکانی ئەم میللەتە فشەکردنە، هەندێك لەو باوەڕەدان ئەم تێگەیشتنەت ئەوەندەی پەیوەندی بەپاساوێکی حیزبیانەو بەرگریکردن لەدەسەڵات و حیزبەوە هەیە هێندە حەقیقەتێکی بابەتیتان نەپێکاوە؟..

و: چۆن وایە کە بە لای منەوە گەورەترین فشە حزبی کوردی دەیکات، گەورەترین درۆ حزبی کوردی خاوەنێتی، دۆسێی فشە لە ناو کوردا ئەوەندە ئەستوورە بیکەینەوە داخستنی نابێت، من رەخنەم لە هەندێ رۆژنامەنووس هەبووە و رەفتارێکیانم بە فشەکەری زانیوە، دەزانی وەڵامی رەخنەکەی من جنێوباران بوو؟ بە لای هەندێ رۆژنامەنووسەوە ئەگەر هێڵێکی راست و چەپ بە سەر دەسەڵاتی کوردیدا نەهێنی کەواتە تۆ سەرشۆری ئەو دەسەڵاتەی، وا نییە، من یەکێکم لەوانەی زۆرترین رەخنە لە دەسەڵات دەگرم، بەڵام تەنیا مەبەستێك کە هەمیێ ئەوەیە ئەم وڵاتە خۆشتر بێ و دەسەڵاتەکەی باشتر بێ، من دوژمنی دەسەڵات نیم، دوژمنی سەرسەختی پیاو و ژنە گەندەڵەکانی ناو دەسەڵاتم.

یەك لەوانەی بە هەڵچوونەوە وەڵامی ئەو گۆشەیان دامەوە کە باسی فشەکەریم تێدا کردبوو بە شایەدی دۆستێك بە پارانەوە لە دکتۆر نووری ئەنجوومەنی وەزیران بۆ زەوی و ئیمتیازات پاڕاوەتەوە، کە وەری نەگرتووە ئینجا دەستی بە رەخنە کردووە، ئێ کاکە ئەمە فشەکەرییە.

باشە کەس هەیە هێندەی ئێمە باسی دیموکراسی بکات؟ نەك حزبەکانمان، بۆ رۆژنامەنووسەکانمان توانیویانە هەڵبژاردنێکی ئازاد بکەن؟ ئەمە فشەکەری نییە؟ کێ هێندەی ئێمە باسی ئازادی رادەربرین دەکات، نەك بەرپرسەکانمان، بۆ رۆژنامەنووس و نووسەرەکانمان بەرگەی رەخنەیەك دەگرن بێ ئەوەی بالانسیان تێك بچێ؟ ئەی ئەمەش فشەکەری نییە؟ ئەمە بۆچی پاساوە بۆ حزب تێناگەم. ئەزیزم کورد شکۆیەکی درۆی هەیە دەبێ بڕووشێ، بشکێ و روخساری ناشرینمان ئاشکرا بێت، تا ئەوە نەبێت هەر بە ناشرینی دەمێنینەوە توانای خۆجوانکردنمان نابێت. کەی لە درۆکردن لە گەڵ خۆمان وەستاین ئەو کاتە هەنگاوی یەکەم بۆ پێشەوە دەنێین، ئێمە لە ناخەوە درۆزن و فشەکەرین، مەرج نییە جلەکانی بەرمان جوان و خاوێن بێت، مەرجە دەرپێکانمان خاوێن بێت، مەرج نییە پێڵاوەکانمان بریسکەی بێت، مەرجە گۆرەوییەکانمان بۆگەنی نەیەت. مەرج نییە قسەی زل بزانین، مەرجە رەفتارەکانمان وەك قسەکانمان بن ئیتر بچووك بن یان زل.